# با هەڵویستەکان لە خزمەت داگیرکەرانی کوردستاندا نەبیت!

**ئەحمەد نیکجو**

قازانجی بە تروریست ناوبردنی پ.ک.ک، دەچیتە گیرفانی دەوڵەتی فاشیستی تورکیە و کۆماری تروریستی ئیسلامی ئیرانەوە. ئەمە بە مانای ئەوە نیە کە پ.ک.ک، بی عەیبە. ئەگەر بمانەویت لە سەر سیاسەت و هەڵسوکەوتی ئەم ریکخراوەیە قسە بکەین، لە روژی دروست بونیەوە هەتاکو ئیستا، بە سەدان رەخنەم لێی هەیە. اینجاء، رەخنەی من لە پ.ک.ک، هیچ پیوندیەکی بە تورکیا، ئیران و... نیە. هەموکەس ئاگاداری هەلسوکەوتی دەسەلاتدارانی حکومەتی تورکیا لە گەل خەلکانی غەیرە تورکەوە هەیە کە چۆنە. لەم پیوەندیەدا، گەورەترین نمونە، کوشتنی زیاتر لە یەک و نیم ملوێن ئەرمەنییە و ئەم کارەساتەیش کومەلگای نیونەتەوەی جەختی لە سەر کەردوە.

قاتوقر کردەنی، سەدان هەزار کورد و لەناو بردنی مالو حالیان، بی حورمەتی پی کردن بە خەڵکانی غەیرە تورک. توقاندن و ترۆر کردەنی کەسانیک کە پچوکترین رەخنە لە دەسەلات بگرن ئەویش بە روژی روناک. کارگای بەرهەمهینانی فاشیسمی ئەتا تورکی و بلاوکردنەوەیان لە دونیادا و رێکخستنی تاقم و دەستەی فاشیستی بو سەر ژیانی ئاسای خەلک و دامو دەزگا یاسایەکانی غەیرە تورک کە لە چوارچێوەی حکومەتدا کار دەکەن.

رفاندن و ئەشکنجە و لە ناو بردەنی نەیارانی سیاسەتی کەمالیستی. دەست تێوەردان لە ناو وەلاتانو داگیرکردنی ولاتانی دیکە. خەو بینین بە دەسەلاتی سەردەمی ئەمپراتوری عوسمانیەوە. تەخت کردن و سوتاندنی هەزاران گوندو ژینگەی کوردستان و بە زورەملی گواستنەوەی خەلکی لە سەر شوینی ژیانی باو باپیرانیان.

دەسەلاتدارانی تورک، وەکو گای شیت بە بیستنی وشەی کوردستان قەلسن و دەلین ئەگەر لە کورەی مەریخ شتیک بە ناوی کورد یان کوردستان بیتە ئاراوە، ئیمە بە تەواوی هیزەوە دژایەتی دەکەین. ئەمانی کە ئاماژەم پیدا مەشتیکن لە خەرواری سیاستی دەسەلاتدارانی تورک. لە بەرانبەر ئەمەدا، رق و کینە دروست دەبیت و خەلک دەخاتە بیری چارە دوزینەوە و خو ریکخستن دژ بەم هەمو زوڵم و زورە بی سنورە، کە لە ئاکامیدا خەلک لە بەرانبەرىيدا رادەوەستن. دەروست بونی پ.ک.ک، ئەنجامی سیاسەتی فاشیستی تورکیەیە دژ بە میللەتی کورد بە درێژای سەد سالی رابردوو.

**جیگەی ئاماژەیە کە تورکیە، یەکێک لە هارترین ئەندامانی پیمانی نیزامی ناتویە و هەر بویە ئەمریکا نای هەویت کە بە ئاسانی لە دەستی بدات و هەروەها بیخاتە بەرەی ئیسلامی سیاسی لە ناوچەکەدا. ئەمریکا، ئاگاداری هەمو ئەو جەریمەو وەحشیگەریەیە کە تورکیا یەک لە دوای یەک دەیکات، بەلام لام تا کام لە زاری دەرنایت و بەلکو بەپێچەوانەوە یارمەتیشی دەدات. بو نمونە، دەتوانین بە رفانەنی عەبدولا ئوجالان ئاماژە بکەین. ئێستایش هیچ نەگوردراوە و بەلکو بو هێرش کردنە سەر باشوری کوردستان ئامادیە و بە هەزاران شیوە یارمەتی دەدات.**

ئەم شتانەی کە باسم لیکرد و هەمو ئەوشتانەیش کە رودەدەن، راستی قسەکانی ئیمە دەسەلمێنیت کە هەر لە روژی یەکەمدا رامانگەیاند کە خەڵکینە دل خوتان خوش مەکەن، بویە ئەمریکا بە درێژای تەمەنی نە رزگاریکەر بوە و نە دموکراسی بە خشیوە بە هیچ شونیکیتر لە دونیادا. لە کوتائیدا، روم دەکەمە لەو کەسانەی کە فەرمایشتەکانی ژنرالە تورکەکانی تورکیە دوپات دەکەنەوە و دەلێن پ.ک.ک ترۆریستە. دەلێم، توزیک فەرق لە بەین خوتانو ژنرالە تورکەکاندا دابنین، با رقو تورەیی خەلک ریشتان نەگریت و هەتا هەتایە نەبێب بە ملّک لە سەرتان.

۰۷-۱۱-۱۳